# کارەسات لە شیعری "کارەسات"ی شێرکۆ بێکەسدا

بەکر ئەحمەد
baker.ahmed@comhem.se

25ی ئایاری 2006

شیعری "کارەسات"ی شێرکۆ بێکەس لە گۆشەی "تایبەت بە ئاوێنە"دا و لە ڕۆژی 18ی نیسانی 2006دا بلاوکراوەتەوە. خەمێکی شاعیرانە و هەلوێستوەرگرتنێکی دیکەی شێرکۆیە لە زەمەنێکدا کە " هەموو ڕۆژێک تاڵێک لە تیشکی چاوانی ئەم ولاتە دەدزرێت و گەلیٚ شەویش, لە خوێنی مانگی خۆشبەختی دەدزرێت و دزیش هەر دەستی خۆمانە و خوێنیش هەر خوێنی خۆمانە"

بێگومان, دەستنیشانکردنی مێژووی شیعرەکە, واتا نیسانی , 2006جێگایەکی تایبەت لەم نووسینەدا داگیردەکات, من لە شوێنێکی تایبەتی ئەم نووسینەدا دەگەڕێمەوە سەری. چونکە لە نێوان سالانی هەشاکانی سەدەی ڕابردوو و 2006ی سەدەی نوێدا, هەم کۆمەلگا ئالوگۆڕێکی گەورەی بەسەردا هاتووە و هەمیش ئەو بزووتنەوەیەی کە لە سایەیدا ئەم شیعرە دەکاتە زەنگی کارەساتێک. ئەگەر پەیامی شاعیرمان درک پێکردبێت.

ئەوەی کە زەنگی کارەساتێک لیێدەدات لەم شیعرەدا, بەجیا لەو وێنە شیعرییانەی سەرەوە, دزینی "تالی پرچی خانمەکەی دادپەروەرییە", بە جۆرێک کە ئیدی "قژی پری خانمەکەی دادپەروەری هەمووی دزراو, پەنجەکانی هەمووی دزراو, دانەکانی هەر دزراو" . بۆیەش ئیدی غەمی گەورە دەبیٚ بەوەی کە:" ئەم خانمە بەستەزمانە, بە سەرێکی ئەسلەعەوە وبە دەستێکی بیٚ پەنجەوە و بە زاری بیٚ ددانەوە, کیٚ دەیخوازیٚ."

لەگەلٚ ئەو وەسفکردنەی سەرەوەدا, ئێمە خۆمان لەبەرانبەر تابلۆی خانمەکەی دادپەروەریدا دەبینینەوەکە نەک ئارامی بە تەماشاچییانی ئەم تابلۆیەی کۆمەلگا دەبەخشێتەوە, بەلکو دەشیانتۆقێنیٚ. بەلام ئەم تابلۆیە لە واقیعدا هێندە ناشیرین و دڕندە نایەتە پێش چاو. ئەگەر بۆ ساتە وەختێک ڕۆلی کۆمەلێک تەماشاچی جۆراوجۆر لە خۆ بگرین.

من ناوم بەردوەشێنێکی سەر شەقامەکانی کەلارە. بە تاوانی ئاژاوە و بەردگرتنە دەرودیواری بنکەیەکی پۆلیس یاخود ئاسایش لە کەلاردا, لە بەرانبەر خانمەکەی دادپەروەریدا ڕاگیراوم. تێهەلدان و سووکایەتیکردن بەمن لە ئاسایش و پاشان زیندانیکردم, لە ژێردەستی پیاوانی بەردەمی خانمەکەی دادپەروەریدا ئەنجامدەدرێت. ئەو خانمی دادپەروەرییەی کە یەک بەیەکی ئەو یاساو چوارچێوە قانوونیانە دەداتە دەست پیاوانی دادگا. بڕیاری دادگا بۆ منی "تاوانبار", لە بەرقەرارکردنی عەدالەتەوە سەرچاوەی گرتووە. ئاخر گوناحی من ئەوە بوو بۆ بەرقەرارکردنی چکێکی کەم لە عەدالەتی کۆمەلایەتی, کاتێک بە زمانی دەنگ بۆم دابین نەکرا, کەوتمە بەردەفڕکیٚ. ئەگەر یاساکانی دەستی ئەم

خانمەی دادپەروەری, بەو هەموو وەسفکردنەی شێرکۆوە بۆ من دزێو دێتە پێش چاو, بۆ پیاوانی دانیشتووی هۆڵی دادگا, تەواو پێچەوانەیە. واتا ئەم خانمە هێندە سیمایەکی تۆقێنەری نییە و بگرە جوانترین سیمای دەسەڵاتێک دەداتە دەست, کە منی سەربازی عەدالەتی کۆمەڵایەتی بۆ دەکاتە "ئاژاوەگێڕێک"ی تاوانبار.

بەڵام من خەریکی چ گێچەڵگرتنێکم بە شێرکۆ؟

مەگەر شاعیریش ناڵێت کە ڕۆژگارێک دێت ئەم خانمە شیرینەی هۆڵی دادگا" کەس نایخوازێ"؟ بەڵام ئیشکالییەتە لێرەدایە. ئەم خانمەی دادپەروەری لە هیچ کونج وکەلەبەرێکی دنیادا, لەگەڵ مێژووی درێژی سیستەمی قەزائیدا, بۆ دەسەڵات و بێدەسەڵاتان بە هەمان شێوە نەبووە. بە واتایەکی دی, کاتێک " ئەم خانمە بەستەزمانە بە دەستێکی بێ پەنجەوە و بە زاری بێ ددانەوە" وای لێ دێت کەسێک نەیخوازێ, ئەوە ئیدی "ئێمە"ی گشتی هاوڵاتییان نین کە بەرپرسیارێتی خولْقاندنی ئەم دۆخە لە ئەستۆ دەگرین. واتا کاتێک خانمەکەی دادپەروەری چارەنووسی بەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆی خانمەکەی دادپەروەری ناو شیعرەکەی شێرکۆ دەگات, کارەساتێکە بۆ زۆرایەتییەکی گشت نەک بۆ هەموو گشتێک. چونکە یاسا هەمیشە تێڕوانینی ئەو گروپە کۆمەڵایەتییە بووە کە لە یەکێک یاخود چەندین پێگەی دەسەڵاتی سیاسی, کۆمەڵایەتی یاخود کولتوری بە هرەمەندە. بە واتایەکی دی, ئەگەر ئیسلامیزەکردنی یاساکانی عێراقی خواستی ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەیە کە خوازیارە خانمەکەی دادپەروەریمان لەچکبەسەر و قانوونەکانی شەریعەی بەدەستەوە بێت, ئەوە ئیدی هەموو "ئێمە"یەکی گشت نییە کە دانی خانمەکەی دادپەروەریمان دەرهێناوە, بەڵکە ئەوە منی قوربانی ئەم یاسایەیە کە پێم وایە ڕوخساری خانمەکەی دادپەروەری دزێو و ناشیرینە نەوەک نوێنەرانی ڕەوتە ئیسلامییەکانی سەر ساحەی سیاسی عێراق. واتا خانمەکەی دادپەروەری ئەمڕۆی هۆڵی دادگاکانی عێراق, سەرڕووتاوە و بێدان نییە, بەڵکو شای جوانانی دنیای ئەو بزووتنەوەیە کە مۆدیلی ئەم خانمەی بۆ هەمووان خولْقاندووە.

ئەوەی من لەم ڕوونکردنەوە کورتەدا دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە, لەمڕۆدا سنوورجیاکردنەوەیکی گرنگ پێویستە لە نێوان "من" و "ئێمە"دا. سنوورجیاکردنەوەیەک کە لە مێژووی شیعری کوردیدا بە ئاستێک لە هەڵکشانی خۆی دەگات لە ژێر دەستی گۆراندا و لە گەرمەی قوڵبوونەوەی ستەمی میللی خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کوردا دەبێتەوە بە " ئێمە" و دەنگی "من" دووبارە دەکاتەوە بە پاشکۆی "ئێمە".

"ئەوان لەسەرە و ئێمە لە خوارەوە"

یەکێک لە ئیشکالییەتە گەورەکانی سیستەمی دیموکراسی لەمڕۆدا, ئەو دەستەواژەیەی سەرەوەیە. لە دیموکراسیترین وڵاتەکانی ئەمڕۆی دنیادا کە سویدە, کۆششێکی گەورەی سیاسی و ڕۆشنبیری لە کاردایە بۆ کەمکردنەوە و یاخود "نەهێشتنی" ئەو مەسافە گەورەیەی کە "خەڵک" و نوێنەرەهەڵبژێردراوەکانیانی خستۆتە دوو جێگای تەواو دوور لەیەکەوە. خواریشەوە بە دووربینە گەورەکانی دەستییەوە بۆ ئەوانەی سەرەوە دەگەڕێن. کاتێک دۆخی وڵاتێکی وەک سوید دێنیتە پێش چاوی خۆت, ئەوسا لە مەغزای قوڵی کارەساتێک دەگەیت کە بە "ئەوانی سەرەوە" و "ئێمەی خوارەوە"

دەردەبڕێت.
ئەگەر ئێمەی خوارەوە ئاماژە بە جەماوەرێکی بەرین بکات لە کۆی "گشتێک", ئەوا هێشتاکە ئێمە قسە لەسەر "گشتێک"ی گشت ناکەین وەک ئێمەیەک. چونکە ئەوانی سەرەوە, نوێنەرایەتی کەمایەتییەکی دیکە دەکەن کە دەکرێ لە خوارەوە بن و بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسی و کولتورییەکانیان ئەو جێگاورێگایەیان پێدەبەخشێت کە سیستەم لەسەر ئەو بناغەیە دابمەزرێت.
کاتێک ئەم هاوکێشە سیاسییەی دیموکراسی دەگوێزرێتەوە بۆ کوردوستان, ئەوا ئیتر نەک مەسافەیەکی کورت, بەڵکو جیهانێک لە جیاوازی بەرژەوەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئامادەیی هەیە, کە جگە لە ئێمە و ئەوان, من و ئێوە, هیچ زمانێکی سادەتر نامێنێتەوە کە گوزارە لەم دۆخە بکات. بەڵام شێرکۆ لە شیعری کارەساتدا, هێشتاکە پێماندەڵێت کاتێک " تاڵێک لە تیشکی چاوانی ئەم وڵاتە دەدزرێت, دزیش هەر دەستی خۆمانە". ئیدی دزو ماڵ لێدزراو یەک ناوییان هەیە.
واتا هێشتاکە لای شێرکۆ, هیچ جیابوونەوەیەک لە نێوان" ئەوان لەسەرە و ئێمە لە خوارەوە"دا دروستنەبووە. چونکە هەمووومان دزین. ئەمە ئەو مەغزایەیە کە شێرکۆ بە زمانێکی شیعری دەیەوێ بیڵێت, ئەمە هەموو ئەو ڕادیکالیێتییەیە کە دەدرێتە پاڵ ئەم شیعرە.
بەڵام ئەم دێڕە کورتە ئاماژەیەکی دیکەی تیایە کە ناکرێ فەرامۆش بکرێت. ئاخر دەکرێ دزەکان کەسانێکی دیکەی سەر بە "ئەوان"یکی دیکە بن. بەڵام وەڵامی کورتیلە پرسیارێکی واهی سەخت نییە, چونکە دزانێکی دیکەی تیشکی چاوانی ئەم وڵاتە هەبووە کە ڕۆژگارێک ناویان داگیرکەرانی ئەم وڵاتە بووە. ئەم ڕوونکردنەوە بروسکەئاسایە , ئێمە نزیکدەخاتەوە لەو پرسیارەی کە من لەسەرەتای ئەم وتارەدا ئاماژەم پێدا, ئەویش ڕۆژی لە دایکبوونی ئەم شیعرەیە: 18ی نیسانی 2006.

"من"ی مایاکۆڤسکی و "دزیش هەر دەستی خۆمانە"ی شێرکۆ

دیوانی "من" ی مایاکۆڤسکی کۆمەڵێک شیعر لە خۆ دەگرێت کە مایکۆڤسکی بەهۆیە دەبێتە تازەگەرێکی شیعری ڕووسی. بەڵام بە "من" ئاخاوتن لە زەمەنی شۆڕشدا کارێکی ئاسان نییە. ئەمە تەنها ئیشکالییەتێک نییە کە هەندێک لە ڕووناکبیران بە شۆڕشێکی تایبەتی و ئایدیۆلۆژییایەکی تایبەتیییەوە دەلکێنن. لە زەمەنی شۆڕش و ڕاپەڕینە گەورەکاندا کە کۆمەڵگا دووچاری ڕاچڵەکاندنێکی گەورە دەبێت, گرووپێک, کە دەکرێ نەتەوەیەکی ژێردەست بێت, چینێکی کۆمەڵایەتی بێت یاخود جەماوەرێکی بەرین بێت کە بەرژەوەندییەکی ئابووری, سیاسی یاخود کولتوری کۆیاندەکاتەوە, زمانی خۆی, تەنانەت خیتابی سیاسی خۆیشی دەکاتە زمانێکی گەورەی کۆمەڵایەتی و ئاخاوتنی کۆمەڵگاش لەگەل خۆیدا دەگۆڕێت.
ئەگەر ئەم گروپە کۆمەڵایەتییە لە ئاستی سیاسیدا ڕێکخراوتر بێت, ئەوا گوتاری سیاسی خۆی دەکاتە گوتاری باڵادەست. هەر ئەم لایەنە گرنگەشە کە زەمانەتی بردنەوەی کێشە سیاسییەکە دەدات لە زەمەنی ئاڵوگۆڕە گەورەکاندا. هەر بۆیە کارێکی هێند سەرنجڕاکێش نییە کە دیاردەیەکی وەک "خودکوشی" لە زەمەنی جەنگ و شڵەژانە کۆمەڵایەتییەکاندا, لە زەمەنی ئەزمە کۆمەڵایەتی و تەنانەت کارەساتە سروشتییەکاندا, دەگاتە ئاستێکی ئێجگار کەم. هۆکارەکەیشی سادە یە. ئاخر ئیدی شوناسی "من"ی تاک لە پاڵ گرووپێکی گەورەتردا خۆی دەناسێتەوە کە لە خۆی گەورەترە و ئاستی

ئەنتیگراسیۆنی "من"ی تاک لەگەڵ "ئێمە"ی گروپدا بە کەماڵی خۆی دەگات. ئیتر گوتاری سیاسی گشت دەبێتە "ئێمە"یەک و جێگایەک بۆ "من"ی تاک ناهێڵێتەوە.

لە ناو هەلومەرجێکی وەک ئەو چوارچێوە سیاسییە تایبەتییەی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا شاعیرێک دێت و بە من دەدوێ. منێک کە لە ناو خیتابی "ئێمە"ی چینی کرێکاردا کە لە زەمەنی بەر لە شۆڕش و دوای شۆڕشیشدا, باڵادەسترین گوتاری سیاسی و کولتوریی کۆمەڵگای ڕوسییە. بۆیە "من"ی مایاکۆڤسکی دووچاری ڕەخنەیەکی توونددەبێتەوە. ئیدی لە کاتی خوێندنەوەی شیعرەکانیدا لە ئێوارە کۆڕێکی شاری مۆسکۆدا, گوێگرێک هەڵدەستێتە سەر پێ و بە دەنگی بەرز هاوار دەکات:" شییعرەکانت زۆر کاتین, بەم زووانە لەبیردەچنەوە"

لە وەڵامدا مایاکۆڤسکی دەڵێ:" وەرە و لە پاش هەزار ساڵی کە سەردانم بکە, ئەو کات دەبینیت چۆنە"

هەتا ئێستاش, بەشێکی ئێجگار زۆری شیعرەکانی مایاکۆڤسکی , بە قسەی بەشێکی زۆر لە ڕەخنەگرانی دنیا, ئەو گوڕ و تینە لەخۆیان نیشاندەدەن, کە کاتی و ساتەوەختییانە نەبن.

بەڵام "کارەسات"ی شێرکۆ بێکەس لە کوێی:" " شییعرەکانت زۆر کاتین, بەم زووانە لەبیردەچنەوە"ی خوێنەرێکی کورددا, خۆیان دەبیننەوە. وەڵامی ئەم پرسیارە, پەیوەندە بەو زەمەنەوەی کە ئەم شیعرەی تیادەنووسرێت. واتا 18ی نیسانی 2006, هەر ئەم زەمەنە مێژووییەشە ناچارماندەکات, نەک هەر بە شیعرێکی "تەمەن کورت"ی لە قەڵەم بدەین, بەڵکو ئەگەر ئەمڕۆ سەردانێکی شێرکۆ بکەین لە زەمەنی : "ئەوان لەسەرە و ئێمە لە خوارەوە", چی دەبینین؟

**لە 18ی نیسانی ناوەڕاست و کۆتایی حەفتاکانەوە بۆ کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو**

کەم شاعیری کورد هەیە لە تۆمارکردنی مێژووی سیاسی کۆمەڵگای ئێمەدا, لەو جومگە زەمەنییەی سەرەوەدا, هێندەی شێرکۆ پڕبەرهەم بێت. شیعری کوردی لەم زەمەندا کە شێرکۆ یەکێک لە زمانحاڵە سەرەکییەکانییەتی, بە هۆی ئەو زەمەنە سیاسییەوە کە کوردستان پیایدا تێدەپەڕێت, زەمەنی کوشتنی دەنگی "من"ێکە کە گۆران سادە دەیخاتە بەردەستی ئێمە. "من"ی گۆران, لە پاڵ هەر کەموکوڕییەکی مەوزوعی کە لەبەردەم لە دایککبوونی تاکێکی ئازاددا بوونی هەبووبێت لەو زەمەنەدا, مژدەی تاکگەرایییەکی تاڕادەیەک سەربەخۆمان پێدەدات, کە نەک هەر خەمی نیشتیمان تاکە مەراقی سەرەکییەتی, بەڵکو منێکە بەتەنگ کێشە ئەزەلی و فەردییەکانی خۆیەوەیەتی. واتا لەپاڵ خەمێکدا کە ستەمی میللی لەسەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا دروستیکردووە, ئەم تاکە بە شوێن غەمە وجودی و چینایەتی و ڕۆمانسییەکانی خۆیەوەیەتی. توندبوونەوەی فشارەکانی ستەمی میللی, دڕندەبوونەوەی دەسەڵاتی ناسیونالیزمی عەرەب و بەهێزبوونەوەی بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کورد, کۆتایی بەم دەنگهەڵبڕینە "گۆران"ییەی شیعری کوردی دێنێت . ئیتر ئەگەر غەمێکی فەردییانەی کۆچکردنی باڵندەکانی باکوور بەرەو باشوور دەبێتە هەوێنی شیعر, ئەوسا ئێمە وەک خوێنەر, خۆمان لەبەرانبەر غەمێکی فەردی و وجودییانەی تاکێکدا نابینین. بەڵکو کاتێک باڵندە کۆچکردووەکانی باکوور لە قەفەسی ڕاوکەرەکانی باشووردا, خۆیان بە بەشی باکووری قەفەسەکەوە دەلکێنن, ئاماژەیەک بە غەمەکانی نەتەوەیەک دەدرێت کە تاکەکانی بەرەو باشوورنەفیدەکرێن. ئیتر قیژەی بەرد و زریکەی دار و زستان و بەستنی ئاوی گۆلاوێک, هیچیان ئاماژەیەکی فەردییانەیان لە پشتەوە نییە بۆ تاکێک و

تیڕوانینی ئەو بۆ سروشت, بەڵكو لە پشت یەكبەیەكی دەربڕینەكانی منەوە,
" ئێمە"یەكی نەتەوەیی وەک گشتێک ئامادەیی هەیە.
بەڵام سەرنجڕاكێش ئەوەیە كە لەم زەمەنەیشدا, لەپاڵ ئێمەیەكی گشتدا, "ئەوان"ێكی دیكە بوونی هەیە. ئەوانێک كە پێیان دەڵێن دوژمن. ئەوانێک كە بە زمانی خۆ دەپەیڤن و چەكی دوژمنییان لە شانكردووە. یاخود ئەوانێكی دیكەن و سەر بە چەكدارەكانی گروپێكی دیكەن كە لەبەرانبەر چەكدارەكانی سەر بە گروپی خۆدا, كەوتوونەتە سەنگەری بەرانبەرەوە. واتا لەم زەمەنەدا, لەپاڵ گەورەیی "ئێمە"ی ناو شیعر و پانتاییە فراوانەكانیدا, "ئەوان"ێكی دیكە ئامادەیی هەیە بەو ناونیشانانەی سەرەوە.

بەڵام ئەو منەی كە لەم جومگە زەمەنییەدا قسە دەكات, "ئێمە"یەكی گەورەیە كە دەبێتە زمانحاڵی گروپێكی گەورەتر كە ئێمەی كوردە. ئەگەرچی ئەو ڕاستییە سادەیە لەبەرچاو بگرین, كە تەنها تیڕوانینێكی ناسیونالیستانەیە كە ئەو توانا سیحرییەی هەیە كە ئەو هەموو دەنگ و ڕەنگ و بەرژەوەندییە جیاوازانە لە بۆتەی "ئێمە"یەكدا كۆبكاتەوە و ئێمەیەیەكی یەک دەنگ و یەک ڕەنگ بخولقێنێ. ئەگەرچی لە ژیانی واقیعی ئینسانەكاندا, "من"ە كانی ناو ئێمە, درێژە بە ژیانی جیاوازانەی خۆیان دەدەن.

لەدوای ڕاپەڕینەوە, لەدوای شەڕی ناوخۆ و سەقامگیربوونی دەسەڵاتی ئەو بزووتنەوەیەی كە لە زەمەنێكدا منی شێركۆ دەكاتە ئێمە, ئاڵوگۆڕێكی گەورە پێكدێت. دابڕانێكی گەورە سەرتاپای كۆمەڵگای ئێمە دادەگرێت. ئەو جەدەلە بێ مانایەی كە بە جەدەلی نەوەكان خۆی پێناسەدەكات و چیرۆكی ئەو شەپۆلە بەرینە لە ناڕەزایەتی جەماوەری, هاتوهاوارەكانی دەسەڵات خۆی بۆ بوونی گەندەڵی لە سیستەمی ئیدارەیدا, سووتاندنی بەهاپیرۆزەكانی ڕۆژگاری "ئێمە"یەكی گەورە لە "من"ەكان, ئیدی دەربڕینی" دزیش هەر دەستی خۆمانە" بۆ دزینی تاڵێک لە تیشكی چاوانی نیشتیمان دەكاتە گاڵتەجاڕییەک بۆ ئەو منداڵانەی كە باوكیان چەندین جار لەسەر خۆپیشاندان و دەنگهەڵبڕین فیشەكی بەركەوتووە و شەقی ئاسایشی كوردی بە كلاشی كوردییەوە تاقیكردۆتەوە. كاتێک بە لەشكری بەرینی كرێچییەكانی كوردستان دەڵێت كە ئێوە خۆتان دزی سەروەت و سامانی ئەم وڵاتەن, چاوەڕوانی چ وەڵامێک دەكرێت.
بە كورتییەكەی: ئەوەی پرسیاری سەرەكی منە لەم شیعرە: بۆچی دەنگی ئێمە لە زەمەنی شۆڕشی شاخدا, دەنگێكی كەی "ئەوان" لەبەرانبەر خۆیدا دەدۆزێتەوە و بەڵام لەمڕۆدا ئەم "ئەوان"انە بوونییان نییە؟ دیارە ئەمە خستنەژێرپرسیاری ئایدیۆلۆژی سیاسی شێركۆ نییە بە پلەی یەک. بەڵكو سەرنجدانی ئەو دۆخە تازەیەیە كە "ئەوان لەسەرەوە, ئێمە  لە خوارەوە", یەكێک لە سادەترین كارەكتەرەكانییەتی.
بۆچی ئێمەی ئەمڕۆی شیعری شێركۆ, ناتوانێت لەم زەمەنە تازەیەدا, ئەوانێک بدۆزێتەوە, تاكو هەموومان نەكات بە دز؟

بەڵام داستانی 18ی نیسانی 2006, نزیكایەتییەكی گەورەی بە داستانی" 18ی برءمێر"ی ماركسەوە هەیە. داستانێک كە تیایدا جەماوەرێكی بەرین لە خەڵكی فەرەنسا و عەقڵە گەورەكانی ئەم

مەملەکەتەی ڕۆشنگەری پرسیاری" مەگەر بۆچی هەورە بروسسکە لە ئاسمانێکی سامالْدا", دەکاتە هەوێنی زەنگلیێدانیێکی جدی لەبەرانبەر "کارەسات"ێکدا کە بەڕێوەیە.

ئاخر 18ی برۆمێر, مێژووی دووبارە دەسەلاٚتگرتنەوەی دیکتاتۆرییانەی ناپلیۆنە لە زەمەنێکدا کە پەیامی شۆڕش لە گوێچکەی زۆربەی زۆری کۆمەلاٚنی خەلْکیدا دەزرنگێتەوە. بۆچی دەسەلاٚتێکی سەرکوتگەر, چ نەفرەتێک بەر ئەم شۆڕشەکەوتووە. بەشێکی کەمی ئەو پرسیارانەن کە زۆر کەس بەهۆی نەناسینی ماهییەتی ئەو ئالْوگۆڕانەی کە بزووتنەوە کۆمەلاٚیەتییەکانی ئەو سەردەمە, لە مێشکیاندا ئازارییان دەدات. 18ی برۆمێری مارکس, داستانی دژەشۆڕشێکی بۆرژوازییە لە زەمەنێکدا, کە لە دیکتاتۆری بەولاوە, هیچ ڕێگاچارەیەکی دی لەبەردەمدا نەماوە بۆ بەرپێگرتنی ئەو ئالْوگۆڕانەی کە دەسەلاٚتی کۆماری ناتوانێت وەلاٚمی پێبداتەوە. بۆیە لەبەرانبەر سەر ئەسلْەعکردنیی خانمەکەی دادپەروەریدا, لەبەرانبەر زیندانیکردنی دەنگە ناڕەزایەتییەکانی دەسەلاٚتی ناپلیۆندا, لە بەرانبەر دزینی نانی جەماوەرێکی بەرینی نەداری شاری پاریسدا, مارکس لە هەژدەی برۆمێردا پێماندەلێ: ئەوەتانێ سەرنج بدەن و ببینن! ئەوە دەستەکانی پشت بەرهەمهێنانەوەی دزەکانی کۆمەلْگا. ئەوە ڕوخسارییان و ئەوەشی سیمای ئەو هەورانەی کە زۆر کەس نایبینن و پێیانوایە ئاسمانی فەڕەنسا بە بێ بوونی پەلْەیەک هەور پێیەوە, چەخماخە دەهاوێژێ. بەلاٚم شێرکۆ لە شیعری کارەساتدا, چ پەیامێکی 18ی برۆمێریانەی بۆ 18ی نیسانی 2006 پێیە؟

بەلاٚم چیرۆکی کارەساتی شیعرەکەی ئێمە لە 18ی نیسانی 2006دایە. شێرکۆ دوای زیاتر لە 20سالْ, بە زمانی بیست سالْ پێش لەمڕۆوە لەگەلْماندا دەدوێت. زمانێک کە بۆ زەمەنی خۆیشی بێبەزەییانە دەنگی "من"ی تاکی کوشت و هەر هەموو دەنگە جیاوازەکانی لە لوولەی یەک تفەنگداکۆکردەوە و تەقاندی. بە واتایەکی دی, کارەسات لە شیعری "کارەسات"ی شێرکۆدا, وەستانی زەمەنە بەو ئاڕاستەیەی کە شێرکۆ خوازیاریەتی نەک بەو ئاماژەیەی لە کۆمەلْگادا خۆیمان نیشاندەدات. زەمەنێک کە هیچ ڕۆژنامەنووسێک ناتوانێت پێی وابێت ئەوە دەستی خانمەکەی ناو ناخی خۆیەتی کە لە هەناوی یاساکانی بەعسەوە ئەوان زیندانی دەکات. ئەوە دایکانی چاوتەڕن دەلێن: کوڕەکانمان لە شەڕی ناوخۆدا سەردەبڕین.

تراژیدیای شیعری کارەساتی شێرکۆ و تەمەنکورتبوونی ئەم شیعرە, زەمەنی لەدایکبوونییەتی. زەمەنێک کە تیایدا تاکی کوردی, ناتوانێت دزینی سەروەتەکانی کۆمەلْگا, بەکاری شەخسی خۆی بزانێت, لە کاتێکدا زیاتر لە پانزە سالْە بە دەنگی بەرزهاوار دەکات: بەسییە دزی.

ڕەنگە ئەم دێڕانەی خوارەوە, بەهێزترین وەسفی ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکانی بەختیار عەلی بێت کە لە زمانی شێرکۆوە دێنە سەر کاغەز:"لە پاش خوێندنەوەی ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان), لە دامێنی دوا لاپەڕەیدا, خۆم بۆ خۆم, ئەم ڕستەیەم نووسی: باشبوو, بەختەوەر بووم, بەر لە دەرچوون و بلاٚوبوونەوەی ئەم ڕۆمانە نەمردبووم, ئەگینا دەرفەتی خوێندنەوەی شاکارێکی گەورەی ئەدەبی کوردیم لەکیس دەچوو" .

لەپاش خوێندنەوەی شیعری "کارەسات"ی شێرکۆ, دەلێم خۆزگە شاعیرێکی گەورەی وەک شێرکۆ, بەر لە مردنی, کۆمەلْگای تەنها لە سەر خوانی نیشتیمان کۆنەکردایەتەوە و کۆمەلێک خوانی دیکەی ناو چوارچێوەکانی نیشتیمانی ببینیایە. خوانێک کە تیایدا دزینی تالێک لە تیشکی چاوانی ئەم ولاٚتە, سەرچاوەی بەختەوەری بەهەشتەکانی شارە و نەهامەتییشە بۆ مەینەتئاواکانی دیکەی شار. بێجگە لە

کوردی قسەکردن کە دەکرێ وەک شوناسێکی ئەتنی خەڵکی "بەهەشتی شار و مەینەتئاواکانی دیکەی شار" پێکەوە ببەستێتەوە, دەیەها ئینتیمای دیکە هەن کە ئەم گروپانەی ناو شار لەیەک جودادەکاتەوە.

ئەگەر خانمەکەی دادپەروەری, لە بەرانبەر ئەم دزینە جۆراوجۆرانەدا, بەوەی کە ناکرێ خانمێکی دادپەروەری زەمەنی دزینی سەروەتە زۆر و زەبەندەکانی نیشتیمان بێت, ناتوانێت شتێکمان پێبڵێت, دەکرێ خانمەکەی دادپەروەری ناو شیعرەکانی شێرکۆ, شتێکی دیکەی پێ بووتینایە؟ پرسیارێکە و هەر هاوڵاتییەک کە خۆی لەژێر پەرچەمی:"دزیش هەر دەستی خۆمانەی"ی شێرکۆدا نەبینێتەوە, دەکرێ بیکات.